# " کوردینە ئاگەداری مووشەدەمێنەکەی * تورکیا بن !!!"

تورکیا لە دێر زەمانەوەو ئێستاشی لە گەڵدابێت دوژمنی باوەکوشتەی کورد بووە و رۆژێک لە رۆژانیش کورد نابێت بروا بە تورک بکات ، هەرکەسێکیش بروای بە تورک کرد ئەوە خۆی ئەخەڵەتێنێ و لە دوا رۆژدا دەستی ئەچێتە "زاخا" ، تورکیا لەوەتەی کورد لە چنگی کەمتیارەکەی "عۆجە" رزگار بووە بە چەندین شێوە خەریکی تەڵەکە بازیی و ئاژاوە نانەوە بووە ، ئەو چەند ساڵەی رابوردوو باشترین بەڵگەن . ئێستا پاش ئەوەی تورکیا هەر تەڵەیەکی بۆ کورد نایەوە کلکی خۆی پێوە بوو ، بەرەی تورکمانیی درووستکرد و هەرچی ئاژاوە بوو گێرایان بەڵام مایە پووچ و بێکەڵک دەرچوون ، هەمووومان دەزانین کە پێش هەڵبژاردن ژمارەی تورکمان بە گوێرەی ئامارە عەجایەبەکانیان لە 3 ملیۆن زیاتر بوون بەڵام تەنیا 90000 هەزار دەنگیان هێنا ئەویش پاش چەندین فروفێڵ و تەڵەکەبازیی . با درێژەی نەدەمێ تورکیا ئێستا باش لە مەسەلەکە گەیشتووە کە نە بەرەی تورکمانیی و نە هیچ بەرەیەکی دیکە لە گەڵ کوردا فایدەی نییە ، زۆر هەوڵیاندا کە وڵاتانی عەرەبی لە کورد هار بکەن بە بیانووی هەبوونی جوولەکەو پێوەندی کورد لەگەڵ ئیسرائیل وەکو تورکیا خۆی پەیمانی ستراتیژی توندو تۆڵی لە گەڵدا نەبێت ؟؟؟ ئەوەش سەری نەگرت، ئەوجا کەوتە لێدانی زورنای کە بە پشتیوانی ئیسرائیل گوایە دەوڵەتی کوردی دادەمەزرێت ؟ سەیر لەوەدایە لە دیمانەیکی باڵوێزی ئیسرائیل لە ئەنکەرای پایتەختی تورکیا رۆژی 27 فێبرووەری 2005 کە بەرێز "پێنهاس ئەڤاقی" یە لەگەڵ پەیامنێری رۆژنامەی " رادیکالی" تورکیدا مستەکۆڵەیەکی کێشایە دەم و قەپۆزی تورکیادا کە *گوتی " دەوڵەتی کوردی هەرەشە لە ئیسرائیلیش دەکات ** " هەروها گوتی " کەوا ئیسرائیل نەک هەر پشتگیری لەو دەوڵەتە ناکات ، بگرە دژی دامەزراندیشێتی"* نازانم ئیتر تورکیاو توولەکانی جەبهەی تورکمانی چ دەڵێن پاش ئەو راگەیاندنەی باڵوێزی ئیسرائیل لەناوماڵەکەی خۆیاندا ؟؟؟ تورکیا خوویەکی سەیری هەیە کە زوو گێر دەگۆرێت ، گوتەی ئەمرۆ لەگەڵ سبەی و دوێنێی بە 180 پلە جیاوازە و لەیەک ناچن !! بەهەرحاڵ ئێستا کەوتۆتە بارێکی زۆر دژوار و نازانێت چۆن ئەم بارودۆخەی کورد هەیەتی لەبارببات؟؟ بۆیە گەراوەتەوە بۆ پیلانە کۆنەکەی و بە هەموو توانایەکی تەقەلای ئەوە دەکات دیسان کورد بکاتە گژ یەکداو لە رژانی خوێنی کورد خۆ بە خۆ کەڵک وەرگرێت پاش ئەوەی هەرچییەکی کرد بۆی نەچووە سەر... تورکیا ئێستا خەریکی کوتانیی مێخێکی قەبارە گەورەیە لە نێوان سەرکردەکانی کوردی باشوور ، باشترین بەڵگەش ئەوەیە کە نووسەری بە ناوبانگی تورک " تەها ئاکیۆڵ" لە رۆژنامەی " میللیەتی" تا سەر ئێسقان دژ بە کورد نووسیویەتی و دەڵێت " رەنگبێ شەر لە نێوان بارزانی و تاڵەبانیدا رووبدات ***؟؟" ئەمە هێمای ئەوەیە کە تورکیا خەریکی پیلانگێرانە و وردە وردە وا خەریکی ئاگر خۆشکردنە ، بۆیە دەڵێم " کوردینە ئاگەداری مووشەدەمێنەکەی تورکیا بن" و هەرگیز ئەوەتان لە یاد نەچێت یەکەمین دوژمنی کورد تورکیا بووەو هەر بە دوژمنیش دەمێنێت....

فەخرەدین گەرمیانی

---

* مووشەدەمێن : ئەو ئامێرەیە کە لە چەرم درووستدەکرێت کە ئاسنگەر کوورەی ئاگرەکەی پێ گەشدەکات تاکو ئاسنەکەی سوور دەکاتەوە..

** لە پەیامنێر وەرگیراوە

*** هەمان سەرچاوەی سەرەوە